## زمانەوانی کۆمەڵایەتی :

## زاراوەی کۆزمانەوانی:

دوای سەرهەڵدانی کۆزمانەوانی، لەبواری زمانەوانیدا، وەکو زانستێکی سەربەخۆ، دواتر بە هۆی ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەم بوارەدا، ئەم زانستە، وەکو زمانەوانی زاراوەی جیاجیای لە زمانەکاندا بۆ بەکارهات، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەکانی( Sociolinguistics, Social linguistics, Sociolinguistics, Sociology of language, Sociological Linguistics ) بۆ بەکارهاتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەگەرچی ئەم زانستە لەم زمانەدا سەریهەڵداوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی جیاوازەوە، زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتوون، ئەم دیاردەیەش لە زمانەکانی تردا دەبینرێن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی جیاجیا بۆ کۆزمانەوانی بەکارهاتوون، وەکو: (علم اللغة الاجتماعی، اللسانیات الاجتماعیة، اللسانة الاجتماعیة، اللغویات الاجتماعیة). ئینجا رەنگە وەرگرتنی ئەم زاراوەیە بۆ زمانی عەرەبی لە رێگەی وەرگێڕانەوە بێت، یاخود بە رێگەیەکی تر بێت، کە ئەم زاراوانەی لێ داڕێژراوە، ئەم دۆخە بە هەمان شێوەش لە زمانی کوردیدا دەبینرێ کە زاراوەکانی (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی کۆمەڵایەتی، کۆزمانەوانی، زمانەوانی سۆسیۆلۆژی و زمانڤانیا جڤاکی). بۆ ئەم زانستە بەکاردێت، لێرەدا بە پێویست زانرا، زاراوەی کۆزمانەوانی بەکاربهێنرێت، ئەویش بەهۆی زیاتر بڕوابوون و خۆدوورخستنەوە لە ئاڵۆزی و کارکردن لە سەر یەك ئاراستە، بۆیە ئەم زاراوەیە وەرگیراوە.

## پێناسەی کۆزمانەوانی Sociolinguistics :

دوای ئەوەی کۆزمانەوانی، هەم وەکو زاراوەیەکی سەربەخۆ و هەم وەکو زانستێکی سەربەخۆ خۆی ناساند، زمانەوانان سەبارەت بەم زانستە، کەوتنە پێناسەی جۆراوجۆر هەربۆیە بە پێویست دەزانرێت هەندێك لەم پێناسانە بخەینەڕوو.

زمانەوانی کۆمەڵایەتی : بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان لەو لایەنەی کە پەیوەندە بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان یا کۆمەڵگاکان.

یان بریتیە لەو زانستەی کە لە کاریگەری زمان لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە.

-(کۆزمانەوانی لقێکە لە زمانەوانی کارەکی، لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانی دیالێکتی جوگرافی و دیالێکتی کۆمەڵایەتی و جووت زمانی و کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکات).

-(کۆزمانەوانی لقێکە لە زمانەوانی، لێکۆڵینەوە لەم ڕێگایانە دەکات، کە زمان لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا یەکدەخات، بە دیاریکراوی لەگەڵ پیشاندانی چەمکەکانی، وەکو نەژادی، مرۆڤناسی، رەگەزی، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی)

-( کۆزمانەوانی توێژینەوە لە دیالێکتە جۆراوجۆرەکان و جۆرەکانی زمان و کاریگەری زمان لەسەر کۆمەڵگە و بە پێچەوانەشەوە دەکات و هەندێ لایەنی گرنگ و شاراوەیان پیشان دەدات).

-جون لاینز لە پێناسەی کۆزمانەوانیدا، دەڵێت: ( ئەو زانستەیە، کە توێژینەوە لە زمان دەکات لە روانگەی پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگەوە).

-(کۆزمانەوانی لە هەموو لایەنەکانی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێ).

بەم شێوەیە زمان و کۆمەڵگە بە یەکتریەوە گرێدراون و نابێت لە یەکتری جودا بکرێنەوە، واتە هەردوو لایەن هاوتەریب و تەواوکەری یەکترن و دژی یەکدی نین و هەریەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات. واتە؛ کۆزمانەوانی، وەکو زانستێك لایەنی پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگەوە چییە، دەیخاتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوە، تاکو رایەڵەی پەیوەندییەکە بە شێوەیەکی روون بدۆزێتەوە، هەر لەم روانگەیەوە کۆزمانەوانی بایەخ بە لایەنی ئەزموونی لە بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگەدا دەدات و باس لە هەمەلایەنی پسپۆڕییەکان دەکات و لە لەیەکی ترەوە هەمەجۆری و فرەزمانی و شێوەکانی زمان لە تاکە کۆمەڵگەیەکدا دەستنیشان دەکات. سەرەڕای ئەوەی کۆزمانەوانی بە بەشێك لە زمانەوانی دادەنێت، بەدواداچوونیش لەو رێباز و شێوازانە دەکات، کە زمان لەگەڵ کۆمەڵگە بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە، سەبارەت بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

## مێژووی سەرهەڵدانی زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتی

بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای سەدەی بیستەم بە دەستپێکی نوێی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زمان دادەنرێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی زانستی زمان لەسەر دەستی (سۆسێر) بوو بە زانستێکی سەربەخۆو وایکرد، کە زمانەوانی چیتر وەك بابەتێك لە چوارچێوەی زانستێکی دیکە لە زمان نەکۆڵرێتەوە، چونکە تا ئەوکاتە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان زیاتر سیستەمی ناو خودی زمان و پێکهاتەی زمانی دەگرتەوە، بەڵام دوای (سۆسێر) کار لەسەر پەیوەندییەکانی زمان بە دەوروبەر کرا، یەکێکیش لەو پەیوەندییانە، زمان و کۆمەڵناسی بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵناسی لەسەر دەستی (دۆرکایم) لە سەرەتای سەدەی بیستەم بوو بە زانستێکی سەربەخۆ، ئەوەبوو لقێکی نوێی زانستی زمان بە ناوی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics) سەریهەڵدا.

ئەم لقە زانستییە (زمانەوانی کۆمەڵایەتی) هەر زوو ئارەزووی جیابوونەوەی کرد، سەرەتای ئەم جیابوونەوەش لە کارەکانی (مالینۆفسکی و فێرس)دا ، لە ساڵەکانی بیست و سییەکانەوە سەریهەڵداوە.

لە سییەکانی سەدەی بیستەم کاتێك رۆڵی دەوروبەر هاتە ئاراوە و گرینگی زیاتر بە کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی درا، مالینۆفسکی، رۆلێکی گرینگی لە گۆڕینی تێڕوانین بۆ زمان گێڕا. پێیوابوو کە ناکرێت لە کۆمەڵێك بکۆڵینەوە بە بێ زانینی ئەرکی زمان لەو کۆمەڵەدا، چونکە ئەرکی زمان تەنها تێگەیشتن و تێگەیاندن نییە، بەڵکو ئەڵقەیەکە لە زنجیرە چالاکییەکانی مرۆڤ و بەشێکە لە رەفتاری مرۆڤ و لێکۆڵینەوە لە زمان پێویستە لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە دابێت کە تیایدا بەکاردەهێنرێت.

-فێرس، پێیوایە، کە واتا بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دەربڕینە زمانی و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت، واتە دەربڕینە زمانییەکان بە گوێرەی بەکارهێنانیان لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا واتا دەبەخشن.

بەڵام وەك بوارو لقێکی زانستی دەتوانرێ بگوترێ ئەم زانستە، سەرەتای شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم ، زۆرترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وتار و بڵاوکراوەو لێکۆڵینەوە زانستییە جۆراوجۆرانەی لەبارەی ئەم زانستە کراون.

-ئەم زانستە لەسەر دەستی زانا ئەمریکییەکانی وەك لابۆف و فیشمان و فرگسون پێشکەوتنی بەخۆوە بینی.

## جیاوازی نێوان زمانەوانی و کۆزمانەوانی

زمانەوانی: لێکۆڵینەوەیە لە زمان بێ گەڕانەوە بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، واتە پشت بەستنە بە توانست یان زمانی گشتی.

کۆزمانەوانی: لێکۆلینەوەیە لە زمان کە پەیوەندن بە رێکارە کۆمەڵایەتییەکان واتە پشت بەستنە بە چاڵاکی یان گوتن و جێبەجێکردنی زمان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

١-توانستی قسەکەر و یاسا زمانییەکان...، قسە بە کەرەسەی لێکدانەوەی خۆی دادەنێت.

٢-لە سنوری رستە دەوەستێت، لە سنوری رستە دەردەچێت...

٣-پەیڕەوێکی داخراوە رۆنانی ناوەوەی زمان، لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە...

٤-زمان وەك تەنێکی یەك پارچەی بەناویەکداچو سەیردەکات، زمان بە کۆمەڵە شێوازێکی جیاجیا دادەنێت...

## پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ:

زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوانیاندا هەیە. زمان لە ناو کۆمەڵدا کاردەکات و مرۆڤیش لە کۆمەڵەوە زمان فێردەبێت، زمان هەموو ئەرکەکانی لە کۆمەڵدا ئەنجامدەدا، هەر گۆڕانێك لە کۆمەڵدا روبدات، کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵ خۆیدا زمانیش دەگۆڕێت، بۆیە گۆڕانکارییە زمانیەکان پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

له کۆندا پێیان وابوو زمان بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێك کە خەڵك پێویستییەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت، یاخود چەمك و ئەرکی زمانیان لە چوارچێوەی (گواستنەوە) و (گەیاندن)ی زانیاری ناساندوە، بەڵام لە راستیدا زمان تەنها بریتی نییە لە چەند دەنگێك، یان ئەرکی تەنها گواستنەوە و گەیاندنی زانیاری بێت، بەڵکو زمان بە یەکێك لە پێویستییە گرنگەکانی ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنرێت، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرك و چالاکی و پێویستییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ژیان. هەروەها زۆر بەکەمی درکیان بە پەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە کردبوو، بەڵام دوای گەشەسەندنی زانستی(کۆمەڵناسی) و هەستکردن بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو پەیوەندییەیان بۆ ئاشکرابوو، لە رێگای ئەم هەستکردنەوەش توانیان گرنگی و گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لە رێی زمانەوە بزانن.

ئەگەر بە سادەترین شێوە پێناسەی کۆمەڵگە بکرێ، بەوەی کۆمەڵە کەسێکە، کە بەشێوەیەکی کەم تا زۆر بە سیستەمێکی رێك و پێکی کۆمەڵایەتی رێکخراون، خاوەن ژیان و کەلتورو فەرهەنگی تایبەتی خۆیانن، زمانیش وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ لەیەکگەیشتن و پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی نێوان ئەو خەڵکە گوزارشتی لێبکرێت، کەواتە؛ جۆرێك لە پەیوەندی و کاریگەری نێوان (زمان و کۆمەڵ) دەبینرێت.

هیچ نەتەوەیەك بە بێ بوونی زمان نییە، هیچ زمانێکیش نادۆزرێتەوە و نییە کە کۆمەڵ و نەتەوەی نەبێت. کەواتە؛ نە کۆمەڵ بە بێ زمان دەبێت، نە هیچ پێشکەوتن و گۆرانکارییەك بە بێ بوونی زمان بەردەوام دەبێت. بەمەش؛ زمان وەك بەردی بناغەی دروستبوونی کۆمەڵ دەردەکەوێت و لەگەڵ کۆمەڵ لە پەیوەندی و کاریگەری پتەودان و لێکجیاکردنەوەشیان لەگەڵ یەکتریدا ئەستەمە. بۆیە لەبەر گرنگی زمانە، ئۆڵدیۆزهکسلی دەڵێت: (( هەر یەك لە کلتوری مرۆڤایەتی، رەفتاری کۆمەڵایەتی ، بیرکردنەوە، بە بێ بوونی زمان نابن)). ئەم بۆچوونە ئەوە دەردەخات، کە هەریەك لە کلتور و داب و نەریت و رەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە و... هتد، بە بێ بوونی زمان ناتوانن خۆیان لە نێو بونیادی کۆمەڵایەتیدا دەربخەن و بەردەوام بن.

گرنگیدان بە کۆمەڵ  و پەیوەندی نێوان تاکەکان لە چوارچێوەی زماندا بە شتێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە. هەروەك لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١-مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی زمانەوە لەناو کۆمەڵدا بژی و پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات. هەروەها زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، واتە تەنها هۆیەك نییە بۆ هەست دەربڕین و زانیاری گەیاندن، بەڵکو بۆ جێخۆشکردن و خۆبردنە پێشەوە و خۆچەسپاندن و شوێنگرتنە لەناو ریزەکانی خەڵکیدا بەکاردێ. بەڵگەش بۆ ئەمە فۆڕمیولایە، وەك: ((چاکی؟)،(چۆنی؟)،....هتد)، کە لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤدا دووبارە دەبێتەوە.

٢-زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دەردەخات. هەر بۆیە لە رێگای ئەمەوەیە، دەتوانرێ بڕیار بدرێ، کە قسەکەر خەڵکی کوێ یە؟ لە چ بارودۆخێکدایە؟ هەستی بەرامبەر دەوروبەر چۆنە؟ پلەی خوێندەواری چەندە؟ دەیان هاوشێوەی تری ئەمانە.

٣-زمان مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەر بەیەك دەگەیەنێ، لە هەمان کاتیشدا رەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەیە، کە ئاخێوەران تێیدا دەژین. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو وشە و زاراوانەن، کە بە بێ لێکدانەوەیان بۆ باری کۆمەڵایەتی خەڵك واتاکانیان دیاریناکرێت، وەك: وشەی (مسکێن) و (دەرەبەگ) و (رەنجدەر)، دەیان وشە و زاراوەی تری کوردی، کە رەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە و بە بێ ئەو رەهەندە ئەستەمە واتاکانیان لێکبدرێتەوە.

کەواتە لەم بۆچونانەی سەرەوە دەردەکەویت، زمان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرك و پێویستییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ژیان، هەر لە جێخۆشکردن و سڵاوکردن و خۆبردنە پێش...هتد، هەروەها رەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە، کە ئاخێوەران لە هەموو بۆنە و شوێنە گشتی و رەسمییەکاندا بەکاریدەهێنن. جگە لەمەش هەموو کلتور و داب و نەریت و شارستانییەتەکانیش بەهۆی زمانەوە تۆمار دەکرێن و لە فەوتان دەپارێزرێن، لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. ئەمانەش بەڵگەی بوونی پەیوەندی نێوان(زمان و کۆمەڵ) دەردەخەن.

## زمان و کەلتور

## چەمکی کەلتور:

چەمکی کەلتور وشەیەکی ئاڵۆزە، ناتوانرێ پێناسەیەکی گشتگیر، یان تایبەتی بۆ ئەم چەمکە بکرێ، چونکە کەلتور دیاردەیەکی ئاڵۆزە، ئەم ئاڵۆزییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەلتور لە زۆربەی بوارە هاوبەشەکانی ژیان، وەك: (بیری هاوبەش، مێژووی هاوبەش، زمانی هاوبەش... هتد)، لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا رەنگدانەوەی هەیە، لە لایەکی ترەوە کەلتور سەردەکێشێ بۆ کەلتورێکی جیاواز لە کەلتورە رەسانەیەتییەکەی خۆی، بۆیە لێرەدا لە روانگەی ئەو بەرفراوانی و ئاڵۆزییەی، کە بۆ ئەم چەمکە هەیە، لە نێو زاناو لێکۆڵەران بە گشتی، روانگە و پێناسە و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، لە خوارەوە هەندێ لەو روانگەو پێناسە جیاوازییانەی، کە بۆ ئەم چەمکە کراوە دەخرێتەڕوو:

کەلتور هەموو ئەو هەست و هەڵچون و بیروڕاو داب و نەریت و ئاراستە و فەلسەفە و چالاکییە کارلێکراوانەن کە لە کۆمەڵدا باون و کاریگەرییان لەسەر تاك هەیە و لە رەفتارو ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەی کە رۆژانە روبەڕویان دەبێتەوە رەنگدەدەنەوە. هەروەها ئەو جۆرە رەفتارانە دەگرێتەوە کە تاك لە رێگەی تێکەڵبون بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و بەشداربون لە چالاکییەکانی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵەکەیدا وەریان دەگرێت.

-کەلتور بریتییە لە کۆمەڵێك بیروبۆچون و تێڕوانین و رەفتار، کە کۆمەڵی مرۆیی پەیڕەویان دەکەن، کەلتور بەشێکە لە کەسێتی و ناسنامەیەکە کۆمەڵ بە گشتی و تاکەکان بە تایبەتی خۆیانی پێ لە ئەویدی جیادەکەنەوە.

-کەلتور پێکهاتەیەکی گشتی و لێکدراو و ئاڵۆزە، کە زانیاری و بیروباوەڕو هونەر و رەوشت و داب و نەریتی باو و هەموو تواناکانی تر دەگرێتەوە، کە مرۆڤ وەك ئەندامێکی کۆمەڵ لە کۆمەڵەوە دەتوانێ وەریان بگرێت.

-کەلتور ئەو تۆڕە هێماییەیە، کە بە هۆیەوە خۆشەویستی دەکەین و کینە هەڵدەگرین، دلخۆش و دڵگران دەبین دەپاڕێینەوە و هیوا دەخوازین سەردەکەوین و ژێردەکەوین، واتە چۆنیەتی و شێوازی ژیانە، بەهەموو وردەکارییەکانەوە.

-کەلتور کاریگەری لەسەر رەفتار و باری دەرونی و هەڵچون و تێڕوانینی ئەندامەکانی کۆمەڵدا هەیە، بەرادەیەك کە پێکهاتەی کەلتوری هەندێ کۆمەڵ وا لە تاکەکانی دەکات، کە تواناى بەرگریکردنی نەخۆشییە دەرونی و ژیرییەکانیان لە کۆمەڵێکی تر زیاتربێت، کەلتور هەموو ئەو وێنا و چەمك و داب و نەریتانە دەگرێتەوە کە جیهانبینی نەتەوەیەك بۆ ژیان و دنیای دەوروبەری پێکدەهێنێت، جۆری کەلتوری کۆمەڵ تێڕوانینی مرۆڤ بۆ گەردون و ژیان پێگەی خۆی تیادا دیاری دەکات. تەنانەت جۆری بیرکردنەوە و دەربڕینی هەڵچونەکان و تێرکردنی پێویستیەکان و تێڕوانین بۆ دادپەروەری و ستەم و رەواو ناڕەواش دیاریدەکات. هەروەها زانیاری دەربارەی پێوەرە کۆمەڵایەتیە رێپێدراوەکانیش دەستنیشان دەکات.

-بەپێی ئەم پێناسانە و چەندین پێناسەی تر، لەسەر کەلتور دەگەینە ئەم زانیاریانە:

١-کەلتور چەمکێکی فرە رەهەندە پێکهاتەکانی چڕو ئاڵۆزن، چەند لایەنێك لەخۆ دەگرێت، وەك (زمان، مێژوو، ئایین، هونەر، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئاکار...هتد).

٢-کەلتور هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵەو مرۆڤ وەك ئەندامێك لە کۆمەڵەکەیەوە وەریدەگرێت.

٣-لە رێی کەلتورەوە تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ جیهان و دەوروبەریان بەدیدەکرێت.

٤-باگڕاوندی کەلتوری مرۆڤ یارمەتیدەریەتی بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوتەکانی لە بۆنەو هەڵوێستەکانی ناو کۆمەڵدا.

٥-کەلتور نەوە دوای نەوە بە میرات و بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆ ئەندامانی کۆمەڵ دەمێنێتەوە.

٦-کەلتور وەك چۆن ئەو نەخشەیەیە، کە رێڕەوی ژیانی مرۆڤەکان و هەڵسوکەوتیان لە کۆمەڵدا دیاریدەکات، ئاوەهاش کەلتور لە گروپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا بە شێوەیەکی رێژەیی فرەچەشنەو لە روی ئاکارەوە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر.

٧-کەلتور کۆزانینە. ئەم زانینەش لەلایەکەوە لە کۆمەڵەوە وەردەگیرێت، لەلایەکی تریشەوە توانای بیرکردنەوەو داهێنانی تاکەکانی کۆمەڵەو رێنوێنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ هەڵکردن لەگەڵ یەکتریدا دەکات.

## پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور

-زمان هەڵگری کەلتورە و هۆکارێکی زۆر کاراو گرینگە بۆ گواستنەوەی کەلتور، لەبەرئەوە زمان و کەلتور کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە و زۆر پەیوەستن بەیەکەوە، بە رێژەیەك کە زمان و کەلتور لەیەك جیا ناکرێتەوە، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کەلتور و بڕواو زمانی هەر نەتەوەیەکدا هەیە.

-زمان گەیەنەرێکی زیندوی بایلۆژی و دەرونییە، مرۆڤ بەدەوروبەرەوە پەیوەستدەکات، زمان بەشێکە لە رۆشنبیری نەتەوە و یەکێکە لە پێکهێنەکانی رۆشنبیری و بڕوای نەتەوەکە، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و کەلتوردا هەیە، کە پەیوەندی بەشە بە گشتەوە.

-زمان ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتییە و وردترین و راسترین ئامرازە بۆ دەرخستنی سروشت و سیما کەلتورییەکانی کۆمەڵ، زمان کۆگای ئەزمونی نەوەکانی رابردووە و ئامرازێکە بۆ پاراستنی ئەو بۆماوەیە و زیندو هێشتنەوەی بە بەردەوامی لە یادگەی گەلدا.

مرۆڤ داهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی لە رێگەی کەلوپەلە ماددی و هزریەکانییەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەرهەستدەکات، کە زمان و مەعریفە لە پێشەوەی ئەو رێگایانەن، لە کاتێکدا بونەوەرە پێشکەوتووەکانی تر لە رێگەی بۆماوەوە ئەم کارە ئەنجامدەدەن. بنیادی زمانیش پەیوەندی بە هزرو و دامەزراوەو کەلتوری بەرهەستی ئەو خەڵکەوە هەیە کە قسەی پێدەکەن.

-زمان بەرهەستکردنی هەمو کۆزانین و شارەزایی و ئەزمونەکانی مرۆڤە و بەڵگەی کەسێتی و ناسنامەی کەلتوری مرۆڤە، واتە زمان هەموو مێژوو و کەلتور لە خۆیدا هەڵدەگرێت و دەیانپارێزێت. فرەزمانی واتە فرە کەلتوری یان فرە شارستانیەت پێشکەوتنی زمان واتای پێشکەوتنی شارستانی دەگەیەنێت. کەلتور هەرچەندە سادەش بێت پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ رێکدەخات و چەندین رێگا بۆ مانەوەی دەگرێتەبەر.

پەیوەستی زمان و کەلتور دەوەستێتە سەر پلەی جیاوازی زمانی و کەلتوری  بەیەکەوە. چونکە جیاوازی کەلتوری جیاوازی زمانی دروست دەکات، تا جیاوازی نێوان زمانەکان زیاتر بێت جیاوازی نێوان کەلتورەکان زیاد دەکات، بە هۆی جیاوازییە زمانییەکانەوە، کەسانی کۆمەڵە کەلتورو زمانە جیاوازەکان هەستیان جیاوازە.

-هۆشیاری و زانیاری کەسەکان سەبارەت بەو داب و نەریتانەی کە لە هی خۆیان جیاوازن ئاوەزگەرییان زیاد دەکات و بۆ ناو رۆشنبیرییان قوڵدەبێتەوە و رێژەی زانیاری و ئاگادارییان لە کەلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو، رێژەی پێشبینیەکانمان بۆ رەفتاری ئەندامانی کۆمەڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە.

گۆدیناف، دەڵێت( کەلتوری کۆمەڵگایەك، پێکدێت لەهەرچییەك، کە یەکێك دەیزانێت یاخود دەبێت باوەڕی پێیهەبێت تا بتوانێت بە شێوەیەکی شیاو لەو کۆمەڵگەیەدا ببێت بە ئەندام، هەر بەشێوەی ئەو شتانەیە کە خۆیان دەتوانن لە خۆیان و خەڵکانی تریشی قبوڵ بکەن، ئەوەی دەبێت ئێمە ئاماژەی پێبدەین ئەو کۆزانینەیە کە لە روانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگیرێت، واتە ئەو جۆرە کۆزانینانە و هەڵسوکەوتانەی خەڵکی لە کۆمەڵگە فێری دەبێت).

بە پێی ئەم تێڕوانینە، دەتوانین دوو جۆر دیاردە جیابکەینەوە:

١-ئەو بابەتانەی کە لە ئەنجامی ئەزمونی کەسی خۆمانەو بەڕاستی دەزانین.

٢-ئەو بابەتانەی لە کەسانی ترەوە فێری دەبین.

بۆ رونکردنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوە ئەم رستانە وەردەگرین.

-بەیانیان وەرزش دەکەم.

-نیوتن یاسای کێشکردنی زەوی دۆزیەوە.

**+**لە رستەی یەکەمدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مرۆڤێك لە ئەزمونی تاکەکەسی خۆیەوە ئەو زانیاریەی بەدەستهێناوە. ئەم چەمکە بە بابەتێك دەربڕدراوە ناچێتە ژێر چەتری چەمکی کەلتورەوە. بەڵام لە رستەی دووەمدا، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم بابەتە دەچێتە ژێر چەتری کۆزانینی کەلتورییەوە، لەبەرئەوەی لە خەڵکی ترەوە فێربووین.

ئەم کۆزانینەی لە رستەی دووەمدا دەستدەکەوێت ئەنجامی تەکنیکی بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتنە، کە مرۆڤ بەهۆیەوە کارلێك لەگەڵ یەکتریدا دەکەن لەرێی ئاراستەکردنی یەك لەدوای یەکی بیری یەکتری. لەمەشەوە گەشە بە جۆرێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەدەن. ئەم پەیوەندییەش بە ئاڵوگۆڕی زانین بە پێی ماوە دوبارەکراوەکانی کاتەوە پەسەند دەکرێت و کاتێکیش گروپێك مرۆڤ وابەستەی یەکتری دەبن بەهۆی تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا ئەم گروپە مرۆڤە لە رێگەی کۆزانینێکی زۆرەوە یەکدەگرن.

بەم شێوەیە دەبینین چەمکی کەلتوری و ناکەلتوری جیادەبێتەوە بەوەی ناکەلتوری بێ گەڕانەوە بۆ کەسانی تر لە لامان دروستدەبێت، وەك هۆکارێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی کەسییمان. چەمکی کۆزانینی کەلتوریش دەوەستێتە سەر سروشتی سەرچاوەی ئەم کۆزانینە، ئەمەش بەوەی ئەگەر چەمك و کرۆکە واتاکان هاوشێوەبون لەگەڵ ئەو چەمك و کرۆکە واتایانەی کە لە مێشکی کەسانی تردا هەیە، ئەوا ئەم چەمکانە بە کەلتوری دادەنرێن. بەمجۆرە دەتوانین سێ جۆر کۆزانیاری جیابکەینەوە:

١-کۆزانینی کەلتوری: ئەو جۆرە کۆزانینەیە کە لە کەسانی ترەوە فێری دەبین.

٢-کۆزانینی هاوبەش ناکەلتوری: ئەمەشیان زانیاری دنیاییە، ئەمجۆرە کۆزانینە خەڵکی لەناو هەمان کۆمەڵ یان لەهەموو دنیادا تێدا هاوبەشن.

٣-کۆزانینی ناهاوبەشی ناکەلتوری: ئەم کۆزانینە تەنها پەیوەستە بەیەك کەسەوەو لە ئەزمونی تاکەکەسییەوە سەرچاوە دەگرێت.

## کارلێکی زمان و کەلتور لە نێوان قسەکەرو گوێگردا

لەم بابەتەدا باسی ئەو نیشانە گرینگانەی زمان دەکەین، کە لە ئاخاوتندا کارلێکی زمان و کەلتور دەردەخەن، لەم روانگەیەوە کە واتای دەربڕاو تەنها لە واتای وشەکانییەوە بەدەست نایەت، بەڵکو بەشێك لە واتاکەی لە چوارچێوەی ئەو کەلتورەوە وەردەگرین، کە فۆڕمە زمانییەکەی تێدا بەکاردێت.

هەندێکجار هەڵە لە یەکگەیشتن لە نێوان ئەو کەسانەی کە باگڕاوندی کەلتوریان جیاوازە دێتەکایەوە، ئەم هەڵە لەیەك گەیشتنەش بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

أ-دنیابینی قسەکەران: مەبەست لە دنیابینی قسەکەران، ئەوەیە کە لەلایەکەوە هەر تاکێکی کۆمەڵ لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی خۆی و ئەزمونی ژیانییەوە بە جۆرێك جیهان دەبینێت، کە دەگمەنە دوکەس ئەگەر سەربەیەك کەلتوریش بن بیرکردنەوەیان وەك یەك بێت. ئاسایی تاکەکانی کۆمەڵ بە پێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە پەیوەندی بەردەوامدان و لە رێگەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانەوەو ئەزمون و کارامەیی خۆیانەوە دوبارە تێکەڵدەبێتەوەو ئەنجام لە رێی پەروەردەی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە جۆرێکی هاوبەش لە کۆزانین دروست دەبێت و جارێکی تر دەبێتەوە بە سەرچاوەی دنیابینی ئەم کۆمەڵە یاخود ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتە.

ب-جیاوازی رەگەزە زمانییەکان: کە زیاتر مەبەست لەو دیاردانەیە، کە راستەوخۆ لە ئاخاوتندا دەردەکەون، وەك:

١-ئاوازە: بە پێی زانستی دەنگسازی(گۆڕینی لەرینەوەی دەنگەژێکان دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاوازی رستە هەر ئاوازەش واتایەکی جیاواز بە رستە دەبەخشێت)، بێگومان ئێمە کاتێك قسە دەکەین دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر ئەوشتەی کە دەمانەوێت بیڵێین، ئەمەش وامان لێدەکات چەند رێگای زمانی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بەکاربهێنین، کە ئاوازە یەکێکە لەو رێگایانە. پەیوەست بە کەلتورەوە هەندێك کەس لە گفتوگۆکانیاندا دەنگ بەرزدەکەنەوە...هتد.

٢-بابەت: ئەو گفتوگۆیەیە، کە لە نێوان قسەکەرو گوێگردا ئاخاوتنەکەی لەسەر دەکرێت، خودی ئەم بابەتەش بە پێی گرنگیەکەی دەگۆڕێت، بە واتای ئەوەی هەندێك بابەت هەستیارە و هەندێکی تریان بابەتی ئاسایی ئاخاوتنن...هتد.

٣-کەللە ڕەقی و پێداگری لە دیالۆگدا: بەکارهێنانی شێوازی پێچەوانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، بە واتای ئەوەی لە جیاتی شەڕکردن شێوازی دژ بەکاردەهێنرێت، بە پێی کەلتورە جیاوازەکان دەشێت کەسێك بەتوندی دژایەتی پێچەوانەی رای بەرانبەر دەرببڕێت، ئایا لە کاتێکدا لەگەڵ کەسێکدا( کە ئەمڕۆ ناسیبێتی!) بکەوێتە گفتوگۆیەکی توندەوەو راکانیان یەکنەگرێتەوە دەشێت ئەم شێوازە بەکاربهێنێت. ئەمەش بۆ کەلتوری ئەو نەتەوەیە دەگەڕێتەوە. بەلای ئەڵمانیەکەوە ئاساییە، کەسێك تازە بیناسێت و دژایەتی رای ئەو بە شێوەیەکی توندبکات و پێچەوانەی راکەی دەربڕێت، بەڵام بەلای ئەمریکییەکەوە بێنەزاکەتییە، ئەم بابەتە بەڵگەیە بۆ وابەستەبونی زمان بە کەلتورەوە.

٤-نۆرەگیری قسەکردن: مەبەست لە نۆرەی قسەکردن، ئەوەیە کاتێك رەوتی ئاخاوتن لە گفتوگۆیەکی ئاساییدا لەنێوان هاوبەشانی ئاخاوتندا(قسەکەرو گوێگر و هەندێکجاریش کەسی سێیەمیش دێتە ناوەوە) بەڕێوەدەچێت، قسەکردن بە نۆرەیە...

ئایا قسەکەر زەمینەی قسەکردن بۆخۆی داگیربکات، هاوکارییە بۆ نیشاندانی پێباشبوونی بابەتی ئاخاوتن، یاخود پەرۆشییە بەرانبەر بابەتی ئاخاوتن؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا جیاوازی دوو کەلتور بە ئاشکرایی بەدەردەکەوێت...

٥-ناڕاستەوخۆیی: مەبەست لێی ئەوەیە کە شتێك دەرببڕیت بە شێوازێکی شاراوە. ئایا بە پێی کەلتورەکان چ شتێك شیاوە، کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەرببڕدرێت و چ شتێك شیاوە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەربڕدرێت، یان چ رێگایەکی ناڕاستەوخۆ بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو بۆچونە ئاشکرایانەی بە شاراوەیی دەربڕدرێن و بگوترێن.

## هۆکارەکانی دەربڕینە ناڕاستەوخۆکان لە کەلتوری کوردەواریدا

١-جیهان بینی قسەکەری کورد بەو شێوەیەیە، کە راشکاوانە رای خۆی دەرنەبڕێت.

٢-هۆکارێکی تر پەیوەندی بە کاتەوە هەیە.

٣-پەیوەندی بە ساردی و گەرموگوڕی پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگرەوە لە گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە.

٤-پەیوەندی بە جۆراوجۆری یان هەمەڕەنگی ئاخاوتنەوە هەیە، لە چوارچێوەی دیاریکردنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر لە روانگەی ئاستی خوێندەواری و پیشەو توخمەوە.

ناکرێت زمان لە رۆشنبیری ژینگە(کەلتور) جیابکرێتەوە، ئەو کەلتورەی کە زمان لە سنوریدا بەکاردێت، هەروەها ناشکرێت لە دیمەنەکانی رەوشتی مرۆیی و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی جیابکرێتەوە.

(رۆشنبیریش)، بە واتا گشتگیرەکەی کۆمەڵێك وێناکاری و نواندنکاری و چەمك و تەکنیکاری، کە ئەو پێگەیە پێکدەهێنێ، کە لەگەڵ ئاستی جیهانی دەوروبەر دەگونجێ. ئەمەش نەك زمان بە بەشێکی بنچینەیی لەو کەلتورە دادەنێ، بەڵکو پێکهێنێکی بنجی لە هەست و بیرو ئارەزوەکانی دەکات.

پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوریش، بە وێنەی پەیوەندی نێوان زمان و دیاردەکانی تر هەموو بۆچونەکان لەبۆتەی یەك پەیوەندیدا کۆناکاتەوە ئەویش دیسانەوە بۆچونی جۆراوجۆری لەسەرە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١-وای بۆدەچن کە بونیادی زمان کاریگەر دەبێت و دەستنیشانی ئەو رێگەیە دەکات، کە قسەکەری زمانەکە چ جۆرە وێناکردنێك بەرانبەر بە جیهانی دەوروبەری دروستدەکات.

٢-بۆچونێکی لاوازیش هەیە، بەوە تەرجەمە دەکرێت کەوا بونیادی زمانی قسەکەر هیچ کاریگەرییەکی بەدروستکردنی بیروبۆچوون سەبارەت بە دەوروبەرەوە نییە، زمانیش خۆی

له خۆیدا سیستەمێکی هێماکانە لە پێناو پەیوەندیکردن بونیادنراوە، بەڵام ئەو هێمایانەش بە پێی تیۆرەکان تایبەتمەندی جۆراوجۆر وەردەگرن.

٣- ساپیر، بەوشێوەیە سەیری پەیوەندی نێوان زمان و کلتورەکان دەکات لەوەی زمان هۆکارێکی کاریگەرە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە راستیدا ئەو زمانەی کە لە ژینگەیەکدا دروستدەبێت کارادەبێ و لە چوارچێوەیەکدا دەبێ ئەو چوارچێوەیە بۆ جیهانی دەوروبەر بونیادنراوە، بەمەش بیرەکانمان رێکدەخات و هاریکاریمان دەکات لە گونجاندنی لایەنەکانی وێنەکردنمان بۆ جیهان، بەمەش پەیوەندیەکەی نێوان زمان و کەلتور پەیوەندییەکی جێگۆڕە و کاریگەرە لەوەی زمان کاریگەریی دەکەوێتە سەر لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵ لەلایەك و لەلایەکیترەوە لە واقعی کۆمەڵدا کاردەکات و دەبێتە نیشانە بۆ ئەو کۆمەڵە.

## پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن

ئاخاوتن کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکی زۆر گونجاوە بۆ دەرخستن و پیشاندانی کەسێتی قسەکەر لەناو کۆمەڵدا. واتە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە شێوازی ئاخاوتن دەکرێتە پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی تاکەکانی کۆمەڵ.

١-زۆروتن(زۆربڵێی): لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا زۆر بڵێی کارێکی پەسەند نییە و خەڵك بێزاردەکات.

٢-کەمدویی: پێوەرێکە پەیوەندی بە چەندێتی قسەکردنەوە هەیە. بەو کەسانە دەڵێن، کە زۆر کەم قسەدەکەن. لە کۆمەڵی ئێمەدا پەسەند نییەو هەندێك جار بە فیزاوی و لوتبەرز و لەخۆبایی، ناودەبرێت.

٣-قسەپێبڕین: دیاردەیەکی ناپەسندە، لە کۆمەڵی شارستانیدا بە بەراورد بە کۆمەڵی خێڵەکی زۆر کەمە. قسەپێبرین پەیوەندی بە دەسەڵات و پلە پایەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و رەگەزو بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە.

٤-دەنگ بەرزکردنەوە: ئەوەیە کە لەکاتی ئاخاوتندا بە شێوەیەکی نائاسایی دەنگ بەسەر بەرامبەرەکەتدا بەرز بکەیتەوە. ئەمەش پەیوەندی بە باری دەرونی و دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و رەگەزو بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە.

٥-گوێگرتن: مەبەست لەوەیە، کە  چەند کەس بۆیان هەیە، لەیەك کاتدا قسە بکەن. لە کۆمەڵی ئێمەدا تەنها یەك کەس بۆی هەیە، قسە بکات و ئەوانیتر دەبێت گوێی بۆ بگرن.

٦-گەیاندنی زانیاری: هیچ ئاخاوتنێك بێمەبەست نییە، سەرکەوتویی و سەرنەکەوتویی ئاخاوتنیش دەوەستێتە سەر رادەی بەجێهێنانی مەبەست یا ئامانجی ئاخاوتنەکە.

٧-راستگۆیی : بەشێکی گرینگ لە کەسایەتی تاك پێکدەهێنێ، کەسی راستگۆ لە کۆمەڵدا خاوەنی پێگەی دیارو خاوەن پەیمانەو متمانەی پێدەکرێت.

٨-درۆکردن: بە پێچەوانەی راستگۆیی کەسایەتی تاك لەکەدار دەکات، لە کۆمەڵدا بە سوك سەیردەکرێت و متمانەی پێناکرێت، گوێگر ئەگەر ئەو سیفەتەی قسەکەر بزانێت و شارەزای بێت گوێی بۆ ناگرێت.

٩-پرسیارکردن: بە گەیاندنی زانیاری ناودەبرێت، لێرەدا مەبەست ئەو پرسیارکردنەیە کە گوێگر دەخاتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە بەهۆی ئەوەی کە نایەوێت ئەو زانیارییە بگات بە پرسیارکەر لەبەر ئەم هۆیانە:

أ-ئەو زانیارییە زانیارییەکی کەسییە یان نهێنییە.

ب-لە ترسی ئەوەی کە زانیارییەکە هێزی شەڕ نزیك دەخاتەوە.

ت-زانیارییەکە هەڵگری بەهای دیاریکراوە، کە زیان لە پرسا دەدات، وەك لە پەیوەندی نێوان پزیشك و نەخۆش.

## نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن

مەبەست لەو دەربڕینانەن، کە رێز و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندی بەشدارانی ئاخاوتن دەردەخات، ئەگەر لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازیشیان تێبکەوێت کارێکی ئاساییە.

١-رێزگرتن لە قسەکەر خۆی: زۆرجار قسەکەر جەخت لەسەر باسکردنی خودی خۆی دەکات و پلەو پایەی خۆی بەرز رادەگرێت، بە تایبەتی بە بەکارهێنانی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی (کۆ) لە جیاتی (تاك). هەندێ جاریش قسەکەر لە پلەو پایەی خۆی کەمدەکاتەوە بەرامبەر بە گوێگر، بەڵام دڵنیایە کە بەم هەڵوێستەی هێندەیتر لە لای گوێگر گەورە دەبێت.

٢-رێزگرتن لە گوێگر: لە ئاخاوتنەکاندا زۆرجار وا پێویست دەکات کە رێز لە گوێگر بگرین ئەمەش بە بەکارهێنانی جێناوەکانی کەسی دووەمی کۆ لە جیاتی تاك لێرەدا جۆری پەیوەندی ((دورونزیکی،ناسیاوی و نەناسیاوی)) لەنێوان قسەکەرو گوێگردا دەردەکەوێت.

٣-رێزگرتن لە باری کۆمەڵایەتی:

-بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران...

-بەڕێز وەزیر...

-بەڕێز سەرۆکی زانکۆ...

-بەڕێز سەرۆکی عەشیرەتی...

## کاریگەری پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر کارابونی زمان

ئەو پێگانەی تاکەکان لە کۆمەڵدا هەیانە دەبێتە هۆی لەبەرچاوگرتنی بیروڕاو بۆچون و پێشنیازەکانیان لە وروژاندن و رازیکردن و گۆڕانی ئاراستەی فکریی کەسانی تر. ئامۆژگاریکەران و قسەزان و سیاسەتمەداران... هتد. لەدەست بەسەراگرتنی زمان سودی زیاتریان وەرگرتووەو وەردەگرن، زمانی ئەوان هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەریی لەسەر

پەیوەندییە کەسییەکان دەبێت، کە لە توانایدا هەیە ئاڕاستەو ڕەوتی پەیوەندییە کەسییەکان بگۆڕێت، بەهۆی ئەو کاریگەریی و کاردانەوەی دروستی دەکات لە ڕێگەی ئەو متمانەو هێزەی لە کۆمەڵدا پێی بەخشراوە.

١-پێگەی سیاسی:سیاسەت، یەکێکە لەو لایەنانەی ژیان، کە بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی بەڕادەیەکی یەکجار زۆر پشت بە زمان دەبەستێت، بە جێهێنانی ئەم مەبەستانەش لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانن، چونکە ئەو تاکانەی خاوەنی پێگەی سیاسین دەسەڵاتیان تەنها لە سنوری حکومەت و پەرلەمان و دەوڵەت نییە، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە دێتە ناو پەیوەندییە کەسیەکانیش بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە. سیاسەت لە دونیای ئەمڕۆدا تەنها بریتی نییە لە داڕشتنی پلانی جەنگ، بەڵکو زیاتر لەوە بریتییە لە بەکارهێنانی گفتوگۆ و زمانێکی دبلۆماسی و تەمومژاوی، کە تاکەکان دەتوانن بە هۆی ئەم زمانە لە پەیوەندییە کەسییەکانیش مەرامەکانیان بەدەست بهێنن.

٢-پێگەی ڕۆشنبیری: ئەو دەسەڵاتە دەگرێتەوە، کە تاکەکان لە ڕێگەی بڕوانامەو و پلەی زانستی و ئەدەبی بەدەستی دەهێنن، جگە لەوەی کە کاریگەرن و جێی متمانەن لە بوارەکانی خۆیاندا، لە پەیوەندییە کەسییەکانیش لەبەرچاو دەگیرێن. تاکە هۆکاری بەدەستهێنانی پێگەی ڕۆشنبیریی مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا، ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبونی سەرمایەی زمانی بە پاڵپشتی توانای گەیاندن کە یارمەتی دەدات بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەیوەندیکردن و کاریگەریی دروستکردن جگە لە پەیوەندی جەماوەریی ناوەندی، لە پەیوەندییە کەسیەکانیش دەسەڵاتێکی دیاریدەبێت.

٣-پێگەی ئابوری: بنەمای ئابوری بە درێژایی مێژوو یەکەم هۆکاربوە جیاوازی خستۆتە نێوان دەسەڵاتی مرۆڤەکان، لە کۆمەڵگەدا ئەوانەی دەسەڵاتێکی ئابوری بەهێزیان هەبووە دەسەڵاتێکی زمانی بەهێزیشیان هەبووە، بەجۆرێك ئەو زمانەی چینە نزمەکان پێی دواون زمانی ڕەشۆکی و ئەو زمانەی چینە بەرزەکان پێی دواون زمانی باڵاو نوسین بووە.

٤- پێگەی ئایینی: ئایین لەهەمو کۆمەڵگەیەك دەسەڵاتی هەیە، هیچ کۆمەڵگەیەك نییە لەم دەسەڵاتە بێبەش بێت، دەسەڵاتی ئایین جیا لە دەسەڵاتەکانی دیکە هەڵگری بەهای

پیرۆزییه، چاودێرێكه بۆ مرۆڤی باوەڕدار، ئەو تاكانەی خاوەنی ئەو پێگەیەن، له كۆمەڵدا رەچاوی بیروبۆچونیان دەكرێت، له زۆر بۆنه و كێشه كۆمەڵایەتییەكان پیاوه ئایینیەكان بانگێشت دەكرێن، رۆڵی چاكسازی دەبینن له ئاسایكردنەوەی كێشه و دیاردە و باره نەگونجاوەكان، له پەیوەندی جەماوەری و ناوەندیشدا، پەنا بۆ رۆڵی پیاوانی ئایینی دەبردرێت بۆ كاریگەریی دروستكردن بەوەی كۆمەڵ كارێك ئەنجام بدات یان لەكارێك دوربكەوێتەوە.

٥-پێگەی كۆمەڵایەتی: ئەو پێگانه دەگرێتەوە، كه تاكەكان له كۆمەڵدا به پێی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزان یان هاورێ به پێی تەمەن و رەگەز هەیانه:

-خزمایەتی: پەیوەندی خزمایەتی به یەكێ له پەیوەندییه هەره پتەوەكان دادەنرێت له كۆمەڵگەدا، به تایبەتی له كۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی، لەبەرئەوەی سنوری هەڵسوكەوت و گفتوگۆ...هتد. به رونی یاساو رێڕەوی بۆ دیاریكراوه به جۆرێك هەر لادانێك لەم یاساو رێڕەوانه دەبێته هۆی لەقەڵەم دانی تاك به بێڕێز.

-تەمەن: لەهەمو كۆمەڵگەیەك رێز له كەسی گەوره دەگیرێت به (ریش سپی) ناودەبرێت، بەو واتایەی دنیادیده و خاوەن ئەزمونی زۆره له ژیان، بۆیه كۆمەڵ لەسەر تاك به مەرجی دادەنێت، كه رێز له قسەكانی بگرێ و گوێڕایەڵ بێت، هەروەها ئەو شێوازەی كه تاك لەگەڵ پیرێك بەكاریدەهێنێت پێویسته زۆر جیابێت لەگەڵ ئەو شێوازەی كه لەگەڵ هاوتەمەنێكی خۆی بەكاریدەهێنێت.

## كاریگەری رەگەز لەسەر ئاخاوتن

-هەریەك له رەگەزەكانی نێر و مێ، كۆمەڵەیەكی زمانی پێكدەهێنن كەم و زۆر جیاوازییان لەگەڵ یەكتریدا هەیه. فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەیه. ئەم دوو رەگەزییه له بنەڕەتدا جیاوازییەكی سروشتی و بایلۆژییه ویستی مرۆڤی تێدا نییه. ئەم جیاوازییەش كاریگەریی لەسەر پێكهاتەی جەستەیی و دواتر له دەنگ و پێكهاتەی دەنگەژێكانی مرۆڤدا هەیه. كلتور و كۆمەڵ كاریگەری تەواویان لەسەر بەرهەمهێنانی تاكێكی كۆمەڵایەتی نێر و مێ دا هەیه.

کلتور و لایەنی کۆمەڵایەتی رۆڵ و گرینگییان لە دانانی نەخشەی رەفتاری نێر و مێ دا هەیە، ئەوە مرۆڤ و کلتورو کۆمەڵە کە جل و بەرگ و یاری و و تەنانەت شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینەکانی دوو رەگەزەکە لە یەکتری جیادەکاتەوە.

ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکترن و هەمیشە پێکەوەن و پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، کاتێك لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا زمان بەکاردەهێنن، ئایا هەریەکەیان زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە و جیاوازن لە زمانی رەگەزی بەرامبەر؟

-ئایا خاوەنی فەرهەنگی جیاواز و تایبەت بەخۆیانن؟ یان شێوازی قسەکردنیان جیاوازە؟

-هۆکاری دروستبونی ئەم جیاوازییە لە نێوانیاندا چییە؟

-ئایا ئەوە زمانە، کە ئەم جیاوازییە دروست دەکات یان رەگەزە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری نازمانییەوە ئەم جیاوازییە بەسەر زماندا دەسەپێنێت؟

-جۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتی کاریگەریی دەبێت، بە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانەکەو تێڕوانینیان بۆ کوڕ و کچ بە تایبەتی جیاوازی پەروەردەی کوڕان و کچان. جیاوازییە زمانییەکان رەنگدانەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانن، هەتا کۆمەڵ ژن و پیاو وەکو دوو رەگەزی جیاوازو نایەکسان بناسێنێ جیاوازییە زمانییەکان بەردەوام دەبن، ئافرەتان زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندی بەهێز دەکەن و پیاوانیش لەسەر پایە و سەربەخۆیی، لەبەرئەوەی شێوازی ئاخاوتنیان جیاوازی تێدەکەوێت، بەشێوەیەك کە دەوترێت پیاو هەژمونی لە زماندا هەیە، هەروەها ئافرەتان زیاتر لە پیاوان ستراتیجی قسەکردنی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن، پیاوان بە گشتی زیاتر شێوازی خۆسەپاندن بەکاردەهێنن، لەبەرامبەردا ئافرەتان شێوازی ئینتیمایی، لایەنێکی تری جیاوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو هەڵبژاردنی بابەتی ئاخاوتنە، کچان زمان بۆ نزیکبونەوە لە کەسانی تر بەکاردەهێنن، بەڵام کوڕان زمان بەمەبەستی جەختکردنەوە لە پلەو پایەی خۆیان لە بەرامبەر کەسانی تر بەکاردەهێنن.

ئەوەی بەشێوەیەکی فراوان دانی پێدانراوە، و لیکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە، ئەوەیە ژنان زیاتر قســـە دەکەن لە پیاوان ، ســـەبارەت بە ئەنجامدانی ئاخاوتن ئەوە لە لیکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە، سەرەتا پیاوان دەست بە ئاخاوتن دەکەن و لە گفتوگۆی لە نێوان رەگەزەکاندا پیاوان زیاتر نۆرەی بڕی دەکەن و نۆرەی ئاخاوتنی ژنان دەپچڕێنن، بە جۆرێك لە کۆی ٣١ ئاخاوتنی تۆمارکراودا پیاوان ١١ پچڕاندنیان ئەنجامداوە، کەچی ژنان تەنها ٢ پچڕاندنیان ئەنجامداوە، لە رووی بایلۆژیشـــەوە دەنگی ژنان زیاتر تیژتر و باریکتر و بەرزی زیاتری تێدایە لە دەنگی پیاوان، هەروەها لە رووی فەرهەنگی وشـــەوە فەرهەنگی ژن و پیاو جیاوازە، هەندێك وشـــە و دەربڕین هەیە تەنها ژنان بەکاری دەهێنن وەك( جەرگت نەســـووتێت، برات نەمرێت...هتد) لەگەڵ ئەوەشـــدا ژنان لە رووی بەکارهێنانی رەنگەکانیشـــەوە ژنان وردترن، روونترین نموونەی ئەم بەکارهێنانەش ژمارەیەکی زۆری رەنگە لای ژن وەك بێجی، پەمەیی، سوور، زەرد...هتد.

## کاریگەری تەمەن لەسەر ئاخاوتن

-تەمەن یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کەسێتی، لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا تەمەن کاریگەری لەسەر ئەو رەفتارو شتانەی دەبێت یان نابێت ئەنجام بدرێن هەیە. تەمەن کاریگەریی لەسەر چۆنییەتی قسەکردن و بەکارهێنانی زمانمان هەیە. مرۆڤ لە تەمەنی خۆیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت(منداڵی، هەرزەکاری، لاوێتی، پێگەیشتوویی، پیری) هەریەك لەم قۆناغانە تایبەتمەندی و سیمای خۆیان لەسەر لایەنی هزری و جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و رەفتاری مرۆڤ نیشاندەدەن. زمان وەکو رەفتارێکی مرۆڤ یەکێکە لەو بوارانەی کە دەکەوێتە ژێر هەژمونی ئەو قۆناغانەوەو رەنگدانەوەیان تییایدا دەبێت. زمان لەگەڵ تەمەنی تاکدا گەشە دەکات و هەر قۆناغێك لە تەمەن جۆرێك لە تایبەتمەندی بە زمان دەبەخشێت، هەر قۆناغێك فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە و بەهەموویان فەرهەنگی زمانی تاك پێکدەهێنن.

## کاریگەریی پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاخاوتنی تاك

پێگەی کۆمەڵایەتی  کۆمەڵێك بەها و پێوانەیە، کە کۆمەڵ لەسەری رێککەوتون بۆ هەڵسەنگاندنی ئەندامەکانی، بەهاو پێوانەکانیش جۆری پەیوەندی تاکە لەگەڵ دەوروبەر و ئاستی رۆشنبیری و ئابوری و پیشە و رۆڵی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و کارگێڕی تاك دەگرێتەوە. هەریەك لەو بوارانەی کە بەشێك لە پێوەرەکان پێکدەهێنن دەربڕین و زاراوەی تایبەتیان هەیە و فەرهەنگی زمانی تاك دەوڵەمەند دەکەن. زمان سیمای جیاکەرەوەی تاکە لە زمانی ئاخاوتنی هەر کەسێکدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی، کە ئاماژە بە پێگە و چین و توێژی کۆمەڵایەتی  و تەنانەت پیشەی کەسەکە دەکەن هەیە، چونکە تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتن بە تایبەتمەندی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستن. تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو هۆشیاری زمانییان سەبارەت بە جیاوازی زمانی چین و توێژە جیاوازەکان هەیە، لە ئاخاوتنەکانیاندا پەیرەویان دەکەن. واتە ئاخێوەرانی یەك زمان وەکو یەك زمانەکە بەکارناهێنن و جیاوازییان هەیە. گەشەی رۆشنبیری  تاك بە شێوەیەکی تایبەت گۆڕانکاری گەورە لە زمانی تاکدا دروستدەکات. گۆڕانی پێگەی کۆمەڵایەتی گۆڕانی زمانی لێدەکەوێتەوە.

## زمانی بەرز

**+** ئەو زمانەیە، کە لە سنوری وڵاتێکدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت. وەك قوتابخانە و دادگا و شەقام و ماڵ و مزگەوت و پەرلەمان و فەرمانگەکان و ...هتد. سێ ئەرکی سەرەکی دەبینێت کە بریتین لە:

١-بەڕێوەبردنی کاروباری بەڕێوەبردن و پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

٢-گەشەپێکردنی کەلتوری هاوبەش کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.

٣-پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و هەستی هاوڵاتی بۆ گرێدانی خەڵك بەیەکتریەوە.

ئەو زمانەیە حکومەت فێری هاونیشتیمانیانی دەکات، کە ئەمەش کارێکی زۆر گرینگە، چونکە زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتییە، یەکێکە لە گرینگترین توخمەکان کە کاری یەکخستنی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات. حکومەت ئەم زمانە بڵاودەکاتەوە و لەلایەن دەوڵەتەوە گرینگی زۆری پێدەدرێت، تاکەکانی سەر بەو کۆمەڵگە و زمانەش وا فێردەکرێن کە رێز لەو زمانە بگرن و بەجوانترین شێوە فێری ببن، چونکە ئەو زمانەیە بۆ نوسین و گفتوگۆ فەرمییەکان بەکاردەهێنرێت، لەسەر هەموو تاکێکی سەر بەو زمانە پێویستە بە پاراوی قسەی پێبکات و پێی بنوسێت، لەبەرئەوەی هەموو بڵاوکراوەکان و خوێندن و نوسین و زانست و زانیارییەکان بەو زمانە دەبن، ئەو زمانە قسەپێکەرانی هەموو دیالێکتەکان لە ژێر سێبەری خۆی کۆدەکاتەوە.

## زمانی نزم(ئاسایی، رۆژانە)

ئەمجۆرە زمانە لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە قسەی پێدەکرێت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بۆ پەیوەندیکردن و جێبەجێکردنی کاروباری رۆژانە لە رێگەی دەربڕاوە زمانییەکانەوە لە شێوەی نوسین و ئاخاوتن لە هەڵوێستە جیاجیاکاندا، ئەو شێوازە زمانییەی کە بۆ مامەڵەکردن و کڕین و فرۆشتن و قسەکردنی نێوان هاوڕێیان و ئەندامانی یەك خێزان و کرێکار و خاوەن کارو پزیشك و ...هتد. هەریەك لەو بەکارهێنانەی زمان بە پێی مەبەستی دیاریکراو هەڵوێستی ئاخێوەران و ئەو سیاقەی ئاخاوتنەکانی تیادا بەکاردێت و پلەو پایەی بەشداربوانی ئاخاوتن و ئەو بابەتانەی لەبارەیەوە دەدوێن جیاواز دەبێت.

## شێواز

توانای هەڵبژاردن و چۆنییەتی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییە دیاریکراوەکانە، بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو، یان شێواز ئەو تایبەتمەندیانەیە کە جۆرە بەکارهێنانێکی دیاریکراوی زمان لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە.

لە ئاخاوتندا دەوروبەر یان چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە کە کاریگەریی تەواوی لەسەر شێواز و دەربڕینەکان هەیە، بەو پێیە ئامانج و بۆنە و کات و شوێنی ئاخاوتنەکەو و تەمەن و

ڕەگەز و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریی قسەکەرو گوێگر، بەشداربوان ناچار دەکەن بە هەڵبژاردنی دەربڕینەکان.

شێوازی ئاخاوتنی تاك بە گۆڕانی بابەت و بەشداربوانی ئاخاوتن دەگۆڕێت، بەهۆی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیش گۆڕانی تێدەکەوێت.

شێواز پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە، چونکە کۆمەڵ بڕیاردەرە بە پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەیدا، گەر شێوازێك لە لایەن کۆمەڵەوە پەسەند نەکرێت، ئەوا قسەکەر دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن یان توڕەبونی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە. بۆیە هەڵبژاردنی شێواز بەندە بە کۆمەڵەوەو دەوەستێتە سەر تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ شێوازەکانی ئاخاوتن و ئەرکەکانیان.(مارتن جوس) شێوازی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

١-شێوازی وشك: لەمجۆرەدا شێواز زۆر فەرمییە، بەرادەیەك، کە گوێ بە ئامادەبونی گوێگر نادرێت، چونکە بە هیچ شێوەیەك کاریگەری بۆ سەر دەربڕینەکانی قسەکەر نییە.

٢-شێوازی فەرمی: گوێگر بەشدارییەکی کەمی هەیە، ئەم شێوازە لەو وتارە ئامادەکراوانەدا بەکاردێت، کە بۆ جەماوەر دەخوێنرێتەوەو گرنگیەکی زۆر بە دەربڕینەکان و خوێندنەوەیان دەدرێت. لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ئەمجۆرە شێوازە لە نێوان ئەو قسەکەر و گوێگرانەدا پەیڕەو دەکرێت، کە پەیوەندی نێوانیان و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیان زۆر لەیەکەوە دورن. بەشێوەیەکی گشتی ئەم شێوازە دوری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەرو گوێگر نیشاندەدات.

٣-شێوازی ڕاوێژکاری : لەو جۆرە شێوازەدا شێوازی فەرمی زۆر تێدا بەکاردەهێنرێت و گوێگریش بەشداری بەرچاوی هەیە و ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر ئاڵوگۆڕ دەکرێن، قسەکەر زۆر بەوردی پلان بۆ قسەکانی دانانێت و لە دەربڕینی قەبە و ئاڵۆز دوردەکەوێتەوە و مەبەستەکانی بە دەربڕینی ئاسایی و بە کورتی دەخاتەڕوو.

٤-شێوازی ئاسایی: ئەو شێوازەیە، کە لە نێوان دۆست و و برادەراندا بەکاردێت، یاخود لە نێوان کۆمەڵە کەسانێکی ئاسایی و ناسیاودا بەکاردێت. لەم شێوازەدا بەشدارانی ئاخاوتن

پێویستیان بە پێشینەیەك لە هەندێ بیروڕا و زانیاری سەبارەت بەیەکتری و بابەتەکەش هەیە. زمان لەم شێوازەدا زمانی ئاخاوتنی خەڵکی سادە و ئاساییە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەی کە تایبەتن بە کارو پیشە و توێژی قسەکەرانەوە.

٥-شێوازی دۆستانە: کەمترین شێوازی فەرمی تێدا بەکاردێت، بە زۆری دەربڕینەکان بە زمانی ئاسایی دەبن و هێما و جوڵەی لەشی بە فراوانی تێدا بەکاردێت. دەربڕینی تایبەت بە گروپێکی بچوك یان خێزانێکی دیاریکراو لەم شێوازەدا زۆر دەبیسترێت. ئەرکی ئەم شێوازە زیاتر لە گەیاندنی هەست و سۆز و دەرخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر نزیکدا دەبینێتەوە.

لە پەیڕەوکردنی هەریەك لەم شێوازانەدا شێوازی تر دەبینرێت و پەیڕەو دەکرێت:-

ا-شێوازی رەق(توندوتیژ): ئەم شێوازە هێندەی پەیوەندی بە هەڵچون و شڵەژانی باری دەرونی و توڕەبون و بابەتی ئاخاوتنەکەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە پلە و پایە و جۆری پەیوەندی و رەگەز و کات و شوێنی ئاخاوتنەکەوە نییە. رۆژانە تاکەکانی کۆمەڵ شێوازەکانیان دەگۆڕن، توندوتیژیش یەکێکە لەو شێوازانەی کە هیچ تاکێکی کۆمەڵ لێی بێبەش نییە.

بەکارهێنانی شێوازی رەق لەلایەن قسەکەرەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەرونی گوێگر هەیە و زۆرجار گوێگریش بۆ بەکارهێنان و پیادەکردنی هەمان شێواز هاندەدات. ئەو شێوازە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت.

ب- شێوازی هەڕەشە: شێوازێکی تری ئاخاوتنە کە زۆرجار لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بەرامبەر بە تاکێکی یان زیاتری کۆمەڵ بەکاردێت، بۆ تۆڵەسەندنەوە یان هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامەبەر کەسێك یان کۆمەڵێك بەکاردێت و رێزگرتن تێیدا زۆر کەمە یان نییە.

ت-شێوازی سوکایەتی پێکردن و جنێودان: ئەمجۆرە شێوازە پەیوەندی بە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و رەگەز و کات و شوێنی ئاخاوتنەوە نییە. بەڵکو هەڵقوڵاوی باری دەرونی و کەسێتی قسەکەرە، بەڵام لەهەندێ کاتدا

ئەم شێوازە بە شێوەیەکی کاتی بەکاردێت، کە پەیوەندی بە باری دەرونی قسەکەر و ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

ج-شێوزای پلاروتوانج: شێوازێکە لە کۆمەڵی رۆژهەڵاتیدا زۆر بەکاردەهێنرێت، قسەکەر دەیەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شتێك بە گوێگر بڵێت کە توانای دەربڕینی راستەقینەی نەبێت، یان کات و شوێنی ئاخاوتنەکە یا پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکە رێگای دەربڕینی راستەوخۆی پێنەدەن. بەزۆریش بە بیرهێنانەوەی زانیارییەك یان نهێنیەکە، قسەکەر دەیەوێت ئاگاداری خۆی پیشانی گوێگر بدات، لەهەمانکاتیشدا ئاگادارکردنی بەرامبەرە لەوەی کە پێی بەقەد بەڕەکەی خۆی رابکێشێت.

د-شێوازی گاڵتەئامێز: ئەم شێوازە زیاتر بۆ خۆشی و پێکەنینە، کە قسەکەر بە دوای خستنەڕوی حاڵەت و شتە سەیرو پێکهێنەرەکاندا دەگەڕێت. پلەی رێزگرتنی تێدایە و لەگەڵ شێوازی پلارو توانج لێداندا زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەڵام سنوری دیاریکراو لە نێوانیاندا پلەی رێزگرتن و هەست برینداركردنە.

## ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر شێوازی ئاخاوتن هەیە

گۆڕان لە بیروبۆچون و تێڕوانیندا کاریگەری زۆریان لەسەر شێواز هەیە، چونکە گۆڕانکاری لە ژیان و هزر و بۆچون گۆڕانکاری لە دەربڕین لێدەکەوێتەوە.

١-فەرهەنگ: هەموو تاکەکانی کۆمەڵ، لە فەرهەنگی مێشکیاندا وەك یەك دەوڵەمەندنین بێگومان ئەو کەسەی فەرهەنگی دەوڵەمەندی هەیە، بەشێوازێکی جیاواز لەوەی کە لە فەرهەنگدا هەژارە قسەدەکات.

٢-بۆنەی ئاخاوتن: هەربۆنەیەك شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نمونە شێوازی بابەتێکی ئەدەبی یان ئابوری یان یاسایی...هتد.

٣-مەبەست یان ئامانجی ئاخاوتن: هیچ ئاخاوتنێك بێمەبەست نییە، هەر مەبەستێکیش بە شێوازێکی تایبەت دەردەبڕدرێت.

٤-تەمەن و رەگەز: منداڵ شێوازی دەربڕینی تایبەتی هەیە و ژنان و پیاوان و بەساڵاچوانیش بەهەمان شێوە.

٥-کات و شوێنی ئاخاوتن: کات و شوێن رۆڵێکی گرینگیان لە دیاریکردنی شێوازی ئاخاوتندا هەیە. ئاخاوتن لەناو فەرمانگەیەك یان وەزارەتێکدا، زیاتر شێوازی فەرمی هەیە، کە جیاوازە لە ئاخاوتنی سەرشەقام. هەموو ناوچەیەکیش تایبەتمەندی زمانی خۆی هەیە.

٦-پلەو پایەی کۆمەڵایەتی: پلەو پایەی کۆمەڵایەتی کاریگەریی لەسەر شێوازی تاك هەیە، چینەکانی کۆمەڵیش گرینگی خۆیان هەیە لە شێوازدا گۆڕانی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی تاك، گۆڕانکاری لە شێواز و دەربڕینی لێدەکەوێتەوە.

٧-پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر: شێوازی ئاخاوتنی نێوان دوو هاوڕێ، کە پەیوەندییەکەیان ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە، جیاوازە لەگەڵ دوو کەسدا، کە تازە بون بە هاوڕێ.

٨-رۆشنبیری و پلەی شارستانییەت: لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا رادەی رۆشنبیری و پلەی شارستانیەت دەردەکەوێت. لە شێوازی ئاخاوتنی یەك کۆمەڵدا خوێندەوارو نەخوێندەوار جیادەکرێنەوە، لەهەمانکاتدا لەناو نەخوێندەوارەکانیشدا شێوازەکان دەگۆڕێت.

٩-باری دەرونی: پەیوەندی زمان بە بیرو دەرونی تاکەوە زۆر بەهێزە و هەر ناجێگیریەك، لە دەرونی تاکدا روبدات، ئەوا لە دەربڕین و شێوازیدا رەنگدەداتەوە. هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەسییەکان و هەمو ئەو لایەنانەی، کە کار لە کەسێتی مرۆڤ دەکەن لە شێوازدا رەنگدەداتەوە.

١٠-هێز و ئاواز: لە ئاخاوتندا رۆڵێکی گرینگیان هەیە، لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر بەهۆی ئاوازی ئاخاوتنەوە دەتوانین باری دەرونی قسەکەر (دڵخۆش، دڵتەنگ، شڵەژاو، ترساو...هتد) هەروەها جۆری ئاخاوتنەکەی (سەرسوڕمان، پلارو توانج، گاڵتەپێکردن،

هەڕەشەو تورەبون...هتد) دیاریبکەین. هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەرونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی رستەکەوە دەزانرێت و ئاشکرا دەبێت.